# ( ئەو کەسەی دورست تێدەگات , دورستیش رەفتار دەکات )*

## وەلاَمێکی کورت بۆ مەلا حسن قادیانەیی

بەشدار علی
Bashdar_net@yahoo.com

مەلا حسن قادیانەیی لە وەلاَمی هەلَویستێکی شێرزاد فاتح لە سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالاَنـدا لەبارەی پەروەردەکردنی منالاَن لە حوجرە و مزگەوتەکاندا کە بە پەروەردەیەکی ناتەندورستی وەسف کردووە و وە ئەو جۆرە پەروەردەیەی بە مەترسیەك زانیوە بۆ منالاَن و دوارۆژیان,ئەو مەلا بەرێزە گری گرتوە و هەر سارد نابێتەوە ,بۆیە منیش بە پێویستم زانی چەند راستیەکی بۆ روون بکەمەوە کە رەنگە لەم حالَەتەیەدا ئەو نەتوانی هەزمی بکات ,بەلاَم دلَنیام رۆژێك لەرۆژان بروا بە هەموو ئەو شتانە دەکات کە من و شێرزاد دەیلێین .

زەردەشتی لە پێشەکی خوێننامەدا دەنوسێت(( لەووتەی هەیە ئاینی ئیسلام ,ئاینی بەرژەوەندی و ئاینی جەنگاوەرانە,بەهەشت بۆتە مۆتەکە و لە ژێر سێبەری شمشێرەکەیدا دۆزەخ دەباری!رۆژانە نان و ئاو و خەو و خۆراك و ئازادی و مەدەنیەت و مێژووی ژیانی مرۆڤایەتی خەلَتانی خوێن کردووە و دەیان و سەدان و هەزارانی تیرۆر کردووە و جینۆساید دەکا و ئینسان سەردەبڕێ و منالَی ساوا پەل پەل دەکا و سەد ئەوەندەی دیکەشی ئامادە کردووە خۆیان بتەقێننەوە و ئەم جیهانە بکەنە گۆمی خوێن....))

کاکە حسن دەبێت پێت خۆش بێت یان ناخۆش, بروا بەوە بکەیت کە نەك پەروەردە و دەرس خوێندنی مزگەوت و حوجرەکان, بەلَکو پەروەردە و خوێندنی قوتابخانەکانیش کە بەشێك سەرچاوەکانی مزگەوتەکانە , پەروەردە و سیستەمێکی بێ سودە و منالاَن هیچ سودێکی لێوەرناگرن ,تۆ سەیرکە زۆربەی هەرە زۆری تاکی عێراقی تاکێکی مات و قسەنەکەر توندو تیژ و گوێرایەلَ بێ بەرهەم و بێ جولَەیە, چونکە لەژێر سیستەمێکی تۆقێنەر پەروەردە کراوە و هەزار و یەك پرسیار لە مێشکیدا گنگلَ دەدات ,بەلاَم تواتای قسەکردن و پرسیارکرنی نیە و لە ئە نجامدا دووچاری دەیان نەخۆشی دەروونی دەبێت و هەر ئاوا دەتلێتەوە و توانای کارکردن و داهێنانی نیە و هەر کارێك لەگەلَ میزاجی ئەو نەیەتەوە بە هێز یەکلای دەکاتەوە. تاکو ئیستاش لە ولاَتێك کە بەرگریکاری حوجرە و دەرس خوێندنەکانی زۆرن و دەسەلاَت و هێزێك کاری لەسەر دەکات ,مەسینە و لاستیك کە ( سەرەتاترین بەرهەمن )لە دەرەوە دەهێندرێن سەرەرایی دەولَەمەندی و بوونی کەرستەیەکی زۆری خاو لەم بوارەدا,ئەگەر هەفتەیەك سنورەکان لەسەر کوردستان دا بخرێت نیوەی خەلَك لەبرسان دەمرن!

جا ئەو جۆرە پەروەردەیە لەگەلَ عەقلَ و بیرکردنەوەی مرۆڤی ئەو سەردەمە و رووەوەی بەرەو پێشچوونی زانست و زانیاری و تاکی سەدەی بیست و یەکدا زۆر ناکۆك و ناتەبایە ,ئەمە راستیەکە دەبێت دانی پیا بنێیت ,منالاَن و تازە لاوان پێویستە بە زانستی سەردەما گۆش بکرێن و لە هەموو هزرێکی توندوتیژی دوور بخرێنەوە و دوور بن لە فەرزکردنی بیرو باور و ئایدلۆژیا بۆ ئەوەی نەوەیەکی پڕ بەرهەم و پڕلە جولَە و دوور لە توندو تیژی بێتەبەرهەمن

,لەگەڵ ئەوەی کە مرۆڤی کامڵ ئازادە لە هەڵبژاردنی بیر و باوەر و خوێندن و خوێندنەوەی ووردەکارییەکانی .

لەلایەکی تردا مەلا حسن قادیانەیی بەڕێز, زۆربەی رستەکانی لە دەوری رەفزکردنی بەرامبەرەکەی دەخولێتەوە و هیچ شتێکی بەرامبەرەکەی پێ قبولڵ نیە ,ئەمەش نەخۆشیەکە, گیرۆدە و ئالودە بوونە بەدەستی ئایدۆلۆژیایی تاکڕەوی و ئەو جۆرە پەروەردەیەی کە مامۆستای پێپەروەردەکراوە و کە هیچ دەرفەتێك بۆ بەرامبەرەکەی ناهێلێتەوە, نەوەك ئەو پەروەردەیەی کە شێرزاد فاتح داوای دەکات لە زانستی جۆراو جۆر و گۆرانی مۆسیقا و خۆشی و رەفاهیەتی منالآن کە نەرم و نیانی و خۆشەویستی دەخاتە نێو دڵ و دەروونی منالآن.
*رستەی ناو کەوانەکە یەکێکە لە رستەکانی سوکرات

2007/8/18